

chalakmuhamad@gmail.com

سامۆیل بیکێت ـ «Samuel Beckett»

# هەشتاو دوو ساڵ تەمەن

ئامادەکردن و وەرگێڕانی لە ئیتالی‌یەوە

«یاسینی فەقێ سەعی»

ئیتالیا ـ ١٩٨٨

## سەرەتا:-

نووسەرو ڕووناکبیری هەرە ناوداری ئەم سەدەیە، (بیکێت)ی فەرەنسی. . لە ڕۆژی ١٣ی نیسانی ١٩٠٦دا هاتوتە ژیانەوە. لە یادی جەژنی لەدایك بوونی‌دا، گۆڤاری (شیعر Poesia*)ی ئیتالی لە ژمارە (٤)ی نیسانی ئەمساڵ دا، پیرۆزبایی یادی هەشتاو دووەمین سالی تەمەن لە (بیکێت) دەکات و بەم بۆنەیەوە، لە سەرجەمی بەرهەمەکانی نووسەرەوە، هەشتاو دوو دێرو عیبارەتی هەرە گرنگە هەلدەبژێرێ و لە تەك وێنەیەکیدا بلاوی دەکەنەوە. .(پ. ڕابونی - P.Raboni) ئەم بەرهەمەی ئامادەکردووەو لە تەك وێنەکەی (بیکێت)دا نووسیویە: (ساموێل بیکێت، لە ١٣ی نیسانی ئەمساڵدا، هەشتاو دووەمین سالی تەمەنی بەڕێ کرد. . لەگەڵ پیرۆزبایی یادی لەدایك بوونی‌دا. . ئەم هەشتاو دو وگولەمان لە گولزاری بەرهەمەکانیدا هەلبژاردووەو پێشکەشی دەکەینەوە بە خۆی. .).

لە پاشانی پێنج لاپەڕەی گۆڤارەکەدا، ئەو دێرانە یەك لەدوای یەك نووسراون. . ئێمەش لە لایەك لەبەر گرنگی ئەم مەسەلەیەو لە لایەکی دیکەوە لەبەر ناساندنی ئەم جۆرە ئاوردانەوە جوانانە بە خوێنەران. . کە پێویستە لە پەیوەندی‌یەکانی نێوان گۆڤارو ڕۆژنامەکان لە لایەك و نووسەرو ئەدیبانیش لە لایەکی دیکەوە ڕەنگە بداتەوە. . هەولمان داوە زۆربەی ئەو دێرانە بکەینە کوردی‌و پێشکەشی بکەین بەم گۆڤارە ئازدارەو خوێنەرە خۆشەویستەکانی. . بەر لەوەی دەقی بەرهەمەکە بخوێننەوە، دەمەوێ بلێم. . با نرخ لە نووسەرو ئەدیب و شاعیرو ڕووناکبیرە زیندووەکان بزانین هەتا لە ژیانندان، با چاوپێکەوتن و توێژینەوەی ڕەخنەیی لەگەڵ خۆیاندا بە ئەنجام بگەیەنین. . نەك پاش مردنیان هەر کەسە سنگی خۆی بە یادێك یان بەسەرهاتێکی‌یەوە دەربەڕێنێ‌و لاپەڕەی گۆڤارەکانی پێ ڕەش بکاتەوە. . لە پێناوی ئەدەب و کولتورێکی ڕەسەن و پتەوو بە پێزدا با لەمەولاش گۆڤارو ڕۆژنامەکانی خۆمان لە ڕۆژی یادی لەدایك بوونی ئەو ڕووناکبیرانەدا ئەم ئاورە پیرۆزو پێویستە بدەنەوە. . دلنیام کە جێی ڕەزامەندی هەموو لایەك دەبێت. . خواش پێی خۆشەو عەبدیش. . ئیتر سوپاس. .

* * *

١ - لەوانەیە ساڵە هەرە باشەکانی تەمەنم تەواو بووبن، ئەو ساڵانەی کە هێشتا بەختیاری لەوانەبوو دەسگیر بێ. . بەلام ئێستا بەم ئاگرەوەی وا لە ناخمایە، نامەوێ ئەو ساڵانەم بۆ بگەڕێنەوەو. ئەمە چی‌تر نامەوێ بۆم بگەڕێنەوە دواوە. . ولە - دوا تۆماری (کراپ)ەوە - وەرگیراوە؟(١)

٢ - بۆ کوێ دەچووم، ئەگەر بم توانیایە بڕۆم، دەبۆوم بەچی، ئەگەر بم توانیایە ببم، ئەی چیم دەووت، ئەگەر دەنگێکم هەبایە. . ؟ (لە - دەقەکان بۆ هیچ - وەوە وەرگیراوە). .

٣ - سەدەم دێتە سەر بۆ قسەکردن بێ ئەوەی هیچم هەبێ کە بیلێم، بە تەنیا ووشە ووتراوەکانی خەلکی تر نەبێ کە بیلێمەوە. .
(لە - بێ‌ناو - ەوە وەرگیراوە).

٤ - بە ڕاستی هەندێ جار وا پێویست دەکا پیاو لە خودی خۆی بپرسێ، ئایا لەسەر گۆی زەوی‌یە ڕاستەکەم یان نەء؟
(لە -.داستان و دەقەکان بۆ هیچ - ەوە وەرگیراوە).

٥ - چیتان دەوێ، پێویستە داگیر بکەن، داگیرکردن... داگیرکردن، هەتا دەکەونە داوی داگیرکردنێکی تەواوو ڕاستەوە. .
(لە - بێ‌ناو - ەوە وەرگیراوە).

٦ - من بەردەوام سەرم سوڕماوە لە پیاوچاکی‌و دڵ باشی بێ‌ماناو لە کارکەوتووی هاوسەردەمەکانم، ئەمە لە کاتێکدا بە پێچەوانەوە، ڕۆحم هەمیشە بە ڕووی خۆیدا دەشکایەوەو بەیانی تائێوارە بە دوای خۆیدا دەگەڕا. .

(لە - یەکەمین خۆشەویستی - ەوە وەرگیراوە).

٧ - من خودی خۆم کە دروست بووم، باش بێت یان خراپ، ڕیسوایی‌یەکی ڕاست و ڕەوان بووە. .

(لە - بێ‌ناو - ەوە وەرگیراوە)

٨ - من. . واتە کێ؟ (لە - بێ‌ناو - ەوە وەرگیراوە)

٩ - من نە لەمبەرم و نە لەوبەر. . من لە ناوەڕاستم. . من ناوکارێکم، دو ڕووم هەیە بە بێ هیچ ئەستووری‌یەك. .
(لە - بێ‌ناو - ەوە وەرگیراوە).

١٠ - خراپترین شت سەرەتایە، پاشان ناوەڕاستە، ئینجا کۆتایی‌یە. . لە کۆتایی‌دا خراپترین شت کۆتایی‌یە. .
(لە - بێ‌ناو - ەوە وەرگیراوە).

١١ - دەترسم. . دەترسم لە هەموو ئەو شتانەی کە ووشەکانم

دەیانەوێ پێم بکەن. . (لە ـ بێناو ـ ەوە وەرگیراوە).

١٢ ـ ذات گرنگی زۆر کەمە. . چونکە نی‌یە. . (لە ـ بێناو ـ ەوە وەرگیراوە).

١٣ ـ گەڕان و توێژینەوە بە دوای شێوەیەکدا بۆ لەناوبردنی شتەکان، بۆ کپ کردنی دەنگی خۆ، ئەوەیە کە بەردەوامی دەدا بە گفتوگۆکە. .
(لە ـ بێناو ـ ەوە وەرگیراوە).

١٤ ـ من کەوتوومەتە عەشقی ووشەوە. . حەزم لە ووشەکان کردووە. . هەندێکیان بوونەتە تەنیا دەسگیرانی من (لە ـ سەرە مردووەکان ـ ەوە وەرگیراوە).

١٥ ـ لە هیچ چرکەیەکدا نازانم لە چی دەدوێم، لە کێ، لە کەی، لە کوێ، وە نازانم لەگەڵ کێ‌و بۆچی قسە دەکەم. . (لە ـ بێناو ـ ەوە وەرگیراوە).

١٦ ـ بە تەنیا ئێستە. . لە کاتی لەش ڕزینمدا. . لەم خامۆشی‌و ئاشتی‌یەدا، ئەو هەژاندنە بێ سەروبەرو دوورو درێژەم دێتەوە یاد کە ژیانمی پێک هێناوە، هەروەها لەش ڕزینیش ژیانێکە. . (لە ـ مۆللۆی ـ MOLLOY ـ ەوە وەرگیراوە).

١٧ ـ سەرەو بۆرەم لەبیر چووە بینووسم. . ئەمانەش نیوەی ووشەکانن. . (لە ـ مۆللۆی MOLLOY ـ ەوە وەرگیراوە).

١٨ ـ ئیتر بەسە لێکۆڵینەوەو توێژینەوە لەسەر ووشەکان، ووشەکان چی‌تر بە تاڵ لەو قورسایی‌یەی دەیگوێزنەوە. .
(لە ـ مالۆنێ دەمرێت ـ ەوە وەرگیراوە).

١٩ ـ هەموو شێوە زمانێك، بەشێکی جیابووەوەی شێوە زمانێکی دیکەیە. .
(لە ـ مۆللۆی ـ ەوە وەرگیراوە).

٢٠ ـ لەوانەیە دەم و دەست شیوەنێکم بۆ بکەن، گەر بتوانن بم بینن، بەڵام هەرگیز وەك ئەوشیوەنە ناتوانن کەمن بۆ ئەوانی دەکەم. .
(لە ـ کۆمێدیا ـ ەوە وەرگیراوە).

٢١ ـ گەر بم توانیایە خۆم بکەم بەکەروڵاڵ، دەشمتوانی هەتا سەد ساڵ درێژە بە ژیانم بدەم. . (لە ـ هەموو ئەوانەی دەکەونە خوارەوە ـ وە وەرگیراوە).

٢٢ ـ لەگەڵ بزنێکیشدا ڕام دەچوارد، بەس بەو مەرجەی لە خۆشەویستی بگەیشتمایە. . (لە ـ مۆللۆی ـ ەوە وەرگیراوە).

٢٣ ـ داوای تۆزقاڵێ خۆشەویستیم دەکرد، بە تەنیا تۆزقاڵێ خۆشەویستی‌و هیچی تر، ڕۆژی جارێ، ڕۆژی دوجار. . وەك ئەو کەسەی بۆ چارەسەری نەخۆشی‌یەك دەرمان بخوا. . بەڵام ئافرەتێکی ئاسایی پێویستی بە سۆز نی‌یە. .
(لە ـ هەموو ئەوانەی دەکەونە خوارەوە ـ وەرگیراوە).

٢٤ ـ لە مەرگ ترساندن وەك سەرلەنوێ لەدایك بوونەوە وایە. .
(لە ـ مۆللۆی ـ ەوە وەرگیراوە).

٢٥ ـ دەبێ خوای‌گەورە پێش دروست کردنی ئەم گەردوونە خەریکی چی بووبێ؟ (لە ـ مۆللۆی ـ ەوە وەرگیراوە).

٢٦ ـ ئەوەی پێی دەوترێ خۆشەویستی، ژیانی دوورخراوەیی‌و غەریبایەتی‌یە، پۆست کارێکە ناو بە ناو لە ماڵەوە پێت دەگات، ئەمە شێوەی بیرکردنەوەم بوو لەو ئێوارەیە. .
(لە ـ یەکەمین خۆشەویستی ـ یەوە وەرگیراوە).

٢٧ ـ ووشەکان بەجێتان دێڵن، ئەو ساتەش دێت تەنانەت ووشەکانیش پشتتان تێ بکەن. . (لە ـ ڕۆژە بەختیارەکان ـ ەوە وەرگیراوە).

٢٨ ـ دەبا هەوڵ دەین بێ هەڵچوون و خرۆشاندن قسەکانمان بکەین. مادام بە دڵنیا ناتوانین بێ‌دەنگە بین. .
(لە ـ چاوەڕوانی گۆدۆ ـ Godot وە وەرگیراوە).

٢٩ ـ دەی. . دەی کەمێکی تر غیرەت بدەرە بەر خۆت و بمرە وتەواوبە، ئەمە کەمترین شتە کە بتوانی بیکەیت. . پاش ئەو هەموو ئازارو ژانەی چەشتوومە بۆ ژیاندنت. . (لە ـ بێناو ـ ەوە وەرگیراوە).

٣٠ ـ هەمیشە کوێلەیەتیم لە مردن بە باشتر زانیووە، یان لە سزای‌مردن بە باشتر زانیووە. هەتا ئێستا نەمتوانیووە بیرێکی چەسپاو دیاری‌کراوم بەرامبەر مردن هەبێ. . ئەمەش لەبەر گرانی کاری ژماردن و کۆکردنەوەی چاکەو خراپەکان. .
(لە ـ مۆللۆی ـ ەوە وەرگیراوە).

٣١ ـ هیچ، هێڵێکی بێ‌کۆتایی‌و هەتا هەتایی‌یە. .
(لە ـ مورفی ـ Murphy ـ یەوە وەرگیراوە).

٣٢ ـ ئەوەتا لە دیمەنەکانی نمایشە سەیرەکان دا، حەزە ئازاراوی‌و پەرێشانەکان، لە بەر دەوامی‌و چڕیتی‌دا ئەو سنوورانەش دەشکێنن کە دڵدارە هەرە شارەزاکان لە ژووری نووستنەکانیان دا دەزانن بیکەن. .
(لە ـ چوڵکەر ـ ەوە وەرگیراوە).

٣٣ ـ سەرینەکەت بۆ ڕاست بکەمەوە؟ چەرچەفەکانی ژێرت بگۆڕم؟ ئاوەکەت بدەمە دەست؟ لاستیکی ئاوە گەرمەکەت بدەمێ؟ برینەکانت بۆ تیمار بکەم؟ بە لفکە بتشۆم؟ لێوە ووشکەکانت بۆ تەڕکەم؟ لەگەڵتا بپاڕێمەوە؟ بۆ تۆ؟ (لە ـ هەنگاوەکان ـ ەوە وەرگیراوە).

٣٤ - نازانم بۆچی ئەم ئێوارەیە زۆر دەترسم گوێبگرن لە بۆگەن بوونم.. چاوەڕوانی هەرەس هێنانە سوورە گەورەکانی دڵم بن.. لاربوونەوەی ڕیخۆڵە ئاوساوەکانم.. چاوەڕوان بن لە کاسەی سەرمدا کوشتارە دوورو درێژەکان بگەنە ئەنجام.. پەلاماری پایە هەرگیز نەڕووخاوەکان بدەن.. لەگەڵ لاشەی مردووەکان دا ڕابوێرن.. (لە - هێمن کەرەوە - وە وەرگیراوە).

٣٥ - سەرەمەرگێکە نە زیاد، نە کەم، نەء.. کەمترە.. ئێستا لە مردن کەمترە.. ئەمە وەك بەلادا هاتنی ڕووناکی وایە لە شەوەکان دا..

(لە - بەشێك لە گفتوگۆ - وە وەرگیراوە).

٣٦ - لەو شوێنە بمێنەوە کە پێکەوە بە دووروودرێژی لێی ماینەوە.. سێبەرەکەم لە گەڵتا دەبێت.. داڵدەت دەدا.. (لە - کتوپڕی ئۆهیۆ - وە وەرگیراوە).

٣٧ - ئەوەی وتراوە ڕووی لە ئێوە نییە، لەگەڵ ئەوەشا کە هەرچی وتراوە بۆ ئێوە هیچ نییە.. (لە - بڕوانە... -وە وەرگیراوە).

٣٨ - پاشان گەڕایەوە گۆشەکەی خۆی.. لە ماڵە گچکەکەی مندا.. لە تاریکیدا.. لەو شوێنەدا کە هیچ کەسێ نەیدەتوانی بم بینێ.. دەستم کردەوە بە پاڕانەوە.. پاڕانەوە لەو.. بۆ ئەوەی خۆی بکاتەوە.. منیش بکاتەوە..

(لە - بەڵام هەورەکان - -وە وەرگیراوە).

٣٩ - هیوایەکی تەمەن کورت لە هیچ باشترە، ئەمەش تا ڕادەیەك، تا ئەو کاتەی کە دڵ دەست دەکات بە ئازارو ئێش.. هەروەها هاودەمی کردن و پێکەوە بوونیش هەتا ڕادەیەك باشە.. دڵێکی نەخۆش لە هیچ باشترە، ئەمەش تا ئەو کاتەی کە دڵەکە ئیتر دەست دەکات بە هەلا هەلا بوون..

(لە - هاودەم - -وە وەرگیراوە).

٤٠ - ڕێبازی هونەریی شتێکی بەربڵاو نییە، بگرە چوونەیەك و تەسك بوونەوەیە.. هونەر خۆشی زادەو هەڵقوڵاوی تەنیاییە، نەك بە پێچەوانەوە..

(لە پرووست - Proust - -وە وەرگیراوە).

٤١ - چیتر تەنانەت غیرەتی پێکەنینیشی نەماوە..

(لە - چاوەڕوانی گۆدۆ - وەوەرگیراوە).

٤٢ - پێکەنین یان گریان، لە ناوەڕۆکا هەر هەمان شتن.. (لە - ئازار لە نان زۆرترە - وە وەرگیراوە).

٤٣ - چیتر نایەتەوە بیرم کەی بوو مردم. هەمیشە بڕوام بەوە بووە کە بە پیری مردوم، لە دەوروبەری نەوەد ساڵیدا.. ئای لەو ساڵانە.. لاشەکەم هەر لە تەوقی سەرتا پێ شایەتم بوون بۆ ئەو ساڵانە کە چۆن بوون.. (لە - هێمن کەرەوە - وە وەرگیراوە).

٤٤ - ئەی پیاوو ژنە خیانەت کەرەکان، ئامۆژگاریەك: هەرگیز دان بە شتەکان دا مەنێن، هەرگیز مەسەلەکان مەگێڕنەوە..

(لە - کۆمێدیا - وە وەرگیراوە)

٤٥- بەڵام ئێوە بیربکەنەوە لە خۆتان.. بیربکەنەوە.. تازە هاتوونەتە ژیانەوەو ناتوانن بگەڕێنەوە دواوە، بڕۆنە پێشەوەو یەکترتان خۆش بوێ.. یەکتری بلێسنەوە..

(لە - کۆتایی یارییەکە - -وە وەرگیراوە).

٤٦ - نەء.. هێشتا چرکەیەکی دیکەش. کاتی هەڵمژینی هەناسەیەکی دیکە لەم بۆشاییە، ئەمەش بۆ تام کردنی بەختیاریو مانەوەی لە ناخمدا..

(لە - خراپ بینراو، خراپ وتراو - -وە وەرگیراوە).

* * * *

- تەواو -

تێبینی و پەراوێز:-

*) گۆڤاری (شیعر - Poesia) گۆڤارێکی مانگانەیە تایبەتە بە جیهانی شیعرەوە، لە شاری - میلانۆ - ی ئیتالیاو بە زمانی ئیتالی چاپ دەکرێت و بڵاودەبێتەوە. گۆڤارێکی قەوارە مام ناوەندییە، ٦٠ هەتا ٨٠ لاپەڕەیە.. لە هەرژمارەیەکداو لەگۆشەی «جەژنی ساڵانە»دا، بەم شێوەیە پیرۆزبایی جەژنی لەدایك بوون لە نووسەر یان شاعیرێکی ناودار دەکەن.. ئەوەی لێرەدا کردوومانە بە کوردی لە ژمارە (٤ی ئەپریلی ١٩٨٨)ی گۆڤاری ناوبراوەوە وەرگیراوە لە لاپەڕەکانی (٧٢ هەتا ٧٧)..

(١) بۆ زیاتر ناسینی بەرهەمەکانی بێکێت بە خوێنەران ئەم لیستەیەش دەکەینە پاشکۆیەك و بەمە کۆتایی بەم کارەشمان دێنین..

(Worstward ho, دوا کاسێتی کراپ - krapp - ، ووشەکان و مۆسیقا، دەقەکان بۆ هیچ، بێناو - مجهول -، کۆتایی یارییەکە، هەورەکان، یەکەمین خۆشەویستی، مارفی - Marphy - ، سەرە مردووەکان، مۆللۆی - Molloy - ، مالۆنێ دەمرێ، کۆمێدیا، هەموو ئەو شتانەی دەکەونە خوارەوە، بە بێ - بدون -، ڕۆژە بەختیارەکان، پرۆوست - Proust - ، چاوەڕوانی گۆدۆ، وات - Watt, کەوتنەخوارەوە، چۆڵکەر، هەنگاوەکان، هێمن کەرەوە، پارچەیەك لەگفتوگۆ، کتوپڕی ohio, بڕوانە (فەشەل کردنی پێنجەم)، ... بەڵام هەورەکان...، چۆنە ئەوە..، خراپ بینراو - خراپ وتراو، هاودەم، کۆتایی، ئازار لە نان زۆرتر، میرلی تۆ نادێز - Mirlitonnades,

* * *